# بزمارێکی تەکنەلۆجی.............

خالید مەجید فەرەج

لەم هەندرانە دووساڵ لە کتێبخانەی زانکۆ کارم کرد، ڕۆژێک بەڕێوەبەرەکە ووتی: خالید ئەمڕۆ میوانت هەیە بەراستی حاڵی نەبووم، ووتم کێن؟ ووتی ستافێکن دێن لە بەشەکەی تۆیا ریکلامێک بۆ فلانە کەناڵ دروست ئەکەن، ووتم بەخێر بێن ئەوەنەی نەبرد نزیکەی هەشت کەسێک لە دەرهێنەرو یاریدەدەرەکەی و کامیرامان ڕووناکی تەکنیکارو کارەباییو یاریدەدەری هونەری، بەخۆیان و باری پیکابێکەوە لە ئامێرو کامیرا و پێداویستی کارەکەیانەوە هاتنە هۆڵەکەوە. ئەوەی سەرنجی ڕاکێشام ، بەشی سێ ژەم خواردن و خوارنەوەیان پێ بوو، ئەوان سەرقاڵی کاربوون، بە دافیعی فزووڵ لە کارەباییەکەم پرسی ئەم ریکلامەیەی ئێوە خەریکین ماوەکەی چەنە لەسەر تەلەفزیۆن؟ ووتی: لە حدودی هەژدە سانیە، ووتم بەس ووتی بەس، ووتم ئەو هەموو خوارنە بۆ هەژدە سانیە! هیچ تەعلیقێکی لەسەر پرسیارەکەم نەبوو، پێکەنی. من ماوەی کارەکەم هەشت کاتژمێر بوو، ئەوان هەر خەریکی ریکلامە بۆر بوون، من ڕۆشتمەوە ئەوان هەر خەریکی پاڵ پێوەنانی کامیرای سەر سکەکە بوون، لەڕێگابووم بۆ ماڵەوە لەبەر خۆمەوە ئەم ووت ئەمە بۆیە ئەوەنە زەخیرەیان خستووە، نا هەقم نەبوو ئاخر من بە ئەقڵی ریکلامەی شەربەتی خەیاڵ و وەرنەوە بۆ لۆقنتەی (سکی ڕەوان)، شازی برنجی کوردی بە ڕۆنی خۆمان، نیشتبوومە هەڵسەنگاندنی ئیشەکەی ئەوان .

ئینجا بابێینەوە سەر ریکلامی خۆمان بزانین داخۆ هیچمان بە هیچ کردووە؟

ـ دوای ئەوەی ریکلامەکەی کوردسات لە گەرم و گوڕی و جوانی و ئیقتیسادی لە نەوت سەرف کردنەکەی زۆپای پۆلار ئەبێتەوە، ئەڵێ پۆلار بەهاوبەشی لەنێوان ئێران و یابانا دروست ئەکرێ، ئەگەر ریکلام خوێنەکە نەڵێ ئەوشتە زۆپایە، بینەر وائەزانێ تونێلێکی تر لە ژێر بەحری مانش دروست ئەکەن، بەڵام ریکلامەکە پێمان ناڵێ ئایا دروست کردنی زۆپایەک دوو دەوڵەتی بۆ چیە؟ ئەگەر واشبێ ئەبوو بزانین ئەم زۆپا نێو دەوڵەتیە چەنی یابانیەو چەنی ئێرانی؟

ـ ریکلامێکی تر ئەڵێ :خەباتەی ئۆرسۆی چیمەنتۆ بە بەکارهێنانی تازەترین تەکنەلۆجیای سەردەم ئەگرێتەوە. هەندێک زانیاری هەیە خۆی تەحصیل حاصڵە و پێویست بە شەرح و تول ناکا، بە تایبەتی لە ریکلاما، کە ماوەکەی نابێ لە بیست سانیە تێ پەر بکا، بێگومان ئەبێ ئۆرسۆی ئامێرێکی مۆدێرن بێ ،قابیلە خەڵک بەدوای خەباتەیەکا بگەڕێ ،کە بە شێوازی سەدەکانی ناوەڕاست چیمەنتۆ بگرێتەوە؟